# باچیتر بێدەنگی نەمانکوژێ. .

ئەڤین ئیبراهیم فەتاح

کارەساتی هۆلۆکۆستی نازییەکان کەلە شەڕی دووەمیجیهانییەوە دژ بە جووەکان کرا ڕەنگەلەزۆر لایەنەوە لە هەردووکارەساتی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە نزیك بێت، وەلێ قوربانیەکانی هۆلۆکۆست گەلێ بەنازو نیعمەتتڕن لەقوربانییەکانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە، ئاخر ئیسرائیلیەکان بەهەوڵ وکۆشش و سوور بوون وداکۆکیکردنی خۆیان و پاڵپشتی ئەمەریکا توانیان وابکەن چەندین وڵاتی ئەوروپایی دان بەوکارە نامرۆڤانەیەوستەملێکردنیجوولەکەکاندا بنێن وئینجا داوای لێبوردنیشیان لێ بکەن، لەوانە فەرەنساو سویسرا، ئەگەرچیئەڵمانیای نازیش بەرپرس بوولە کارەساتەکە، لێ ئێستا حکومەتی ئەڵمانیا باجی ئەو کارە دەداو، وەکو قەرەبوو، مووچەی تایبەتی بۆ نەوەکانی قوربانیەکانی هۆلۆکۆست بڕیوەتەوە.

دوای ساڵانێکی زۆر لە بێدەنگی لێکردن ئەمەریکا هەردوو کارەساتی ئەنفال وهەڵەبجەدا ناو وەکو دووشاڵاوی جینۆسایدی لەقەڵەمدا وچەند جارێکیش لەکۆنگرێس یادی هەڵەبجە کراوەتەوە، وەلێ تا هەنووکەش خودی قوربانیەکانی ئەم دوو کارەساتە بەشیان تەنیا ئەوەبووە ببنە ماددەی وتاروکۆڕو سیمینارو کۆنفرانسی زانستی و. . و. . هتد، ئەگەر بەختیش یاوەریان بووبێت ئەوە لەلایەن ڕێکخراوە خێرخوازەکانەوە کەمێك یارمەتی دراون، بەڵام بەگشتی ژیانیان بەکوڵەمەرگی بەسەر دەبەن و هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی وەکو قوربانی کارەساتێکی مەزن تەماشا بکرێن وسەرەنجام مافی قەرەبووکردنەوەیان هەبێت، بۆیەمرۆڤ کە چاوی پڕ لەچاوەڕوانی هەریەکێك لەوان دەبینێ، کەمتەرخەمی ئێمەی کوردی دێتەوە یادو هەستی شەرمەزاری دایدەگرێ.

لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا بەڵگەنامەیەکی موخابەراتی بەعس لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندندا بڵاوکرایەوەکە ناوی (١٨) کچی کوردی ئەنفالکراوی کەرکوکی لەخۆ گرتبوو کە بە مەلهاکانی میسر فرۆشراون، کە هەواڵەکەم لەرۆژنامەی شەرق ئەوسەتەوە خوێندەوەئەم دێڕە کەمێك لە خەفەتەکەمی کەم کردەوە (ئاشکراکردنی ئەم بەڵگەنامەیە بووە مایەی تووڕەبوونێکی زۆر لەلایەن خەڵکەوەوکەسوکاری قوربانییەکانیش داوایان لەسەرانی کوردو بەرپرسانی ئیدارەی ئەمەریکی کردووە، بەڕێوبەری موخابەراتی کەرکوك و بەرپرسی ئەم تاوانە دەستگیر بکرێتو دادگایی بکرێت، هەروەها داوای کارکردنی بەپەلەیان کردووە بۆ دۆزینەوەی چارەنووسی کچەکان کە بە وڵاتی میسر فرۆشراون) . پێموابوو ڕەنگە هەروا بەبێدەنگی تێنەپەڕێ، لێ پتر لە مانگێك بەسەر بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگەنامەیە تێپەڕیووە کەچی هەردووزلحیزبەکەی کوردستان و حیزبەکانی تروهەردووحکومەت وهەردوو وەزارەتی مافی مرۆڤ و، دەیان ڕێکخراوی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و لاوان. . . هتد هەر هەموویان بێدەنگن، وەك ئەوەی ئەمە کارەساتێکی نەتەوەیی نەبێو، قوربانیەکانیشی دەبێ بۆ خۆیان کێشەی خۆیان چارەسەربکەن.

ئەم بێدەنگییە لەبچووکترین مانایدا هەم نیشانەی هەست نەکردنی دەسەڵاتدارانی کوردستانە بەئەرکی سەرشانیان وهەمیش بەهەند وەرنەگرتنی ئەوکارەساتە مەزنانەیە کەبەسەر میللەتەکەماندا هاتوون، من نازانم وەزارەتی مافی مرۆڤ کە ئێمە نەك یەك بەڵکو دووانمان هەیە، ئەگەر لەئاست فرۆشتنی مرۆڤ قسەیەك نەکەن و داکۆکی لەقوربانییەکانی نەکەن ووڵاتی میسر مەحکوم نەکەن وداوای چارەنووسی ئەو کچانە نەکەن و قەرەبوویان نەکرێتەوە (هەرچەندە کارەساتی وا هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە) ئەی ئیشوکاریان چییەوخەریکی چین؟ ڕێکخراو و کۆمەڵەی ئافرەتان و ژنان و خانمان و خوشکان و...ئەگەر لەسەر فرۆشتنی (١٨) کچە کورد نەڕژێنە سەر جادە، کان و داوای گەڕانەوەی ئەو کچانە نەکەن، بوون و نەبوونیان چییە جگە لەکۆسپ دروست کردن لە بەردەم پرسی مێینەی کورد ؟ ئەی باشەلیژنەی بەدواداچوونی مافەکانی ئافرەت لەپەرلەمان ئەگەرلەکارەساتێکی ئاوهادا دەمیان ببێ بەتەڵەی تەقیوو نوزەیەکیان لێوە نەیێ هەبوونیان جگە لەکورسی پڕکردنەوەو ڕیکلامکردن بۆ بەشداریکردنی ژن لەدەسەڵات بەولاوە هیچ مانایەکی تری هەیە؟ لێرەدا دەبێ کوردانی دەرەوەش دان بەکەمتەرخەمی خۆیاندا بنێن کە لانی کەم دەبوو بە خۆپیشاندانی مەزن لەبەردەم بالیۆزخانەکانی میسر ئەم تاوانە بێوێنەیە پڕۆتستۆ بکەن وحکومەتی میسریش هەرهیچ نەبێ ناچاری داوای لێبووردنێکی ڕەسمی بکەن. .

حکومەتی کوێت قیامەتی بۆ چەند سەد دیلێکی خۆی هەڵساندووەوداروبەردی لێ ئاگادار کردەوە کەچی مخابن ئێمە لەئاست دەیان تاوانی بێ وێنەو هەزاران قوربانی، مێشێك میوانمان نییە.

avinfatah@hotmail.com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org